# شانزەی مارس و کارەساتێکی تر لە شاری هەڵەبجەیی شەهید

دڵنیام بیستنی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە  بۆ هەر ئینسانێکی بەویژدان و ئازادیخواز لەڕادەبەردەر سەخت و هەیەجانهێنەرە ! بیهێنە بەرچاوی خۆت، قوربانیانی کارەساتی هەلەبجە پاش تیپەڕبوونی 18 ساڵ بەسەر یەکێك لە گەورەترین تراژیدیاو کارەساتە ناودارەکانی جیهان کە حزب و حکومەتی بەعس پیێ هەڵسا کە تەنها لە چەند خولەکیکدا شارێکی بەزیندوی زیندەبەچاڵ کردو هەزاران ئینسانی کردە قوربانی. ئەمڕۆ لەساڵ ڕۆژی ئەو کارەساتەدا ئەزایزانی ئەو کارەساتە جارێکی تر ڕووبەڕووی کارەساتێکی تر دەبنەوە بەلام ئەمجارەیان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرو فاشیستەکەی بەعسەوە نی یە، بەڵکو لەلایەن هێزە نیشتمان پەروەرو ڕەسەنەکەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوەیە !

بەلیٚ سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 16 / 3 / 2006 لەکاتێکدا کە خەڵکێکی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە ستەمدیدەیە بەمەستی ناڕەزایەتی دەبرین دژ بە دەستەلاتداران، لەپەیوەند بەشانخالی کردنەوەی حزب ودەستەلاتی ئەم دەڤەرە لەبەرامبەر بە ژیان وگوزەران و چارەنوسی خەلکی ئەم شارە کە پاش 18 سال لەو کارەساتە گەورەیە هێشتا لەسەرەتایترین ماف وپیدوایستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بەهرەمەندنین .هێشتا ئاسەواری کاریگەری کیمیاباران بەسەر جەستەو ژیان وگیان و سروشت و ژینەگەیانەوە بەقولترین شێوە بەدی دەکرێت ،ئەو شارەی کە هەموو چەند ڕۆژێك لەمەوبەر کەلەسەری منالێکی نەناسراو لەبن کەلاوەیەکی ڕووخاودا دۆزرایەوە کە قوربانیەکی تری کیمیابارانی هەڵەبجە بوو . بەلام ئەمڕۆ ئیتر خەڵکی ئەم شارە ڕازی نین کە چیدی لەوە زیاتر یاری بە ژیان و کەرامەت و ئینسانیەتیانەوە بکرێت. بۆیە هەروەك پێشتر رایانگەیاند ئەم ساڵ ڕۆژی شانزەی مارسیان کردە ڕۆژی نارەزایەتی دەبرین و بەخۆپیشاندان و مارشێکی فراوان بەرەو مەزرای شەهیدان بەریٚ کەوتن و بۆ ئەوەی کە ریگە نەدەن کە نووینەرانی حزب و دەستەلاتی یەکیەتی جاریکی تر مەزرای شەهیدان بەڕووی شاندە یاوەرەکانی هەندەراندا بکاتەوەو سەرلەنۆی داستانی ئەم کارەساتە لەناو مەزراو لە ژوورە دخراوەکانی کەنار ئەو کەلاوەیەی کە میوانە ئازیزەکان لە چۆنی یەتی ژیانی دانیشتوانی ئەم شارە لە خانووە قورەکان ولەکەلاوە چاکراوەکانی ئەم شارە بیٚ هەواڵ وبەلام هەر رۆژەی لەگەل پۆلێك لەمیوانە بەڕێزەکاندا پرۆتۆکولێکی" ئاوادان کردنەوە"ی شار مۆردەکەن وکەچی شار پاش 13 ساڵ لە دەستەلاتداریەتی ئەم بەڕێزانە هێشتا لە کەلاوەیەك زیاتر نی یە. بۆیە ئیتر خەلکی ئەم شارە پردی تەحەمولیان پساو بە هاتنەمەیدانیان میژوویەکی تریان تۆمار کرد. ئەوە بوو کە خۆپیشاندەران بەرەو مەزرای شەهیدان بەریٚ کەوتن، تا دەست بەسەر مەزرای شەهیدانا بگرن کە لە روالەتدا بووتە هیمای "ڕێزلینان" لە قورابانیانی ئەم شارەو بەلام بەکردەوە بووتە ناوەندی ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلە بازرگانی یەکانی دەستەلاتداران و نوینەرانی رێکخراوە ئینسان دۆست و ناوەندە جیهانی و حکومەت و لایەنەکان .

بەلام پۆلیس ودەزگاکانی ئاسایش زۆر بێدەربەستانە کەوتنە ڕەمیکردنی خەڵك وکوشتوکوشتاری ئەزیزانی قوربانیانی کارەساتی شانزەی مارسی 88، ئەم جارەیان 18 ساڵ ئەم کارەساتە ڕوو دەدات، بەو جیاوازیەوە کە ئەگەر یەکەم جار هەلەبجە لەلایەن بەعس و حکومەتە فاشیستەکەیەوە ئەو کارەساتەیان بەسەرداهینا، ئەوا ئەم کارەساتەیان لەلایەن دەسەلاتدارانی بەرەی کوردایەتیەوە ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی کوشتنی لاوێکی خۆیندکارو بریندار بوونی چەند کەسێکی تر. داوبەدوای گولەبارانی خەلك و کوشتن و بریندار کردنی ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران ئەوەبوو خەلکەکە ناچار بە پاشەکشەکردن دەکەن ، بەلام دواتر جاریکی تر بە توڕەیەکی زیاترەوە خەلکی ئەم شارە دێنەوە مەیدان و پەلاماری مەزرای شەهیدان دەدەن و بەهۆی دووبارە تەقەکردنەوە لەخەلك و برینداربوونی ژمارەیەکی ترەوە خۆپیشاندەران هیندەی تر بیزاردەبن و سەرئەنجام پەلاماری مەزرای شەهیدان دەدەن و دەست دەگرن بەسە ریداو پەنجەرەو دەرگاو دیواری تیك دەشکین و دوو سەیارەی ئیدارەش دەستووتین. بەلام سەرباری هەموو ئەم کارەسات و رووداوە باوەڕنەکردەیانە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش دواتر دەکەونە ڕەشبگری خەلك و ژمارەیە لە هەوال نیری رادیو رۆژنامەکانیش دەستگیر دەکەن لەوانە رۆژنامەوانی رادیوی نەواو ڕۆژنامەوانی دەنگی ئازادی و تا گەشتنی ئەم هەوالانە بارودخی شار بەتەوای میتاریستی یەو هێزیکی زۆر گەورە لە ناوشاردا بلاوکرداوەتەوە !

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ناوی ژمارەیەك لەو ئازیزانە بخەینە بەردەست کە بە توندی بریندار کراون :

صەلاح حاجی عبدالرحمان خەلکی (بەکراوا) ،عسمان عمر علی ( گورگەی) ، ئەکبر جەلال ( بەڵخەیی )، حبیب حەیدەر ( بەڵخەیی) عسمان علی غفور، وەستا واحید حەمە کریم، ئوسامە خالد، حەیدەر عمر محمود،  ولید ڕەسولٚ ، شادمان عبدلرحمان ،فریاد علی

هەروەها بەداخەوە هاوکات خویندکاریکی زانکۆ بەناوی کوردە ئەحمد سعید کە خەلکی جەیلەیە گیانی لەدەست دا .

## ئازادیخوازان ، خەمخۆرانی شاری هەلەبجەیی شەهید

تاوانیك كە لاوان و خەلكی راپەریوی هەلەبجە ئەنجامیان دا تەنیا ئەوە بوو كە بەدوای بەدەستهینانی مافە سەرەتایەكانی خۆیانەوە لە چەشنی دابینكردنی ئاوو كارەباو شەقامی قیرتاوو خویندگاو كردنەوەی زانكۆو... خەلكی ئەم شارە چی دی ڕازی نەبوون كە دەستەلاتی ناسیونالیستی كورد، پاش 13 سالٚ وەك زەرو بەسەر خۆینی ئەو خەلكەوە بژین و مەزرای شەهیدان بكەنە ناوەندی ڕێكەوتنی بەدەستهینانی گەورەترین سەرمایەو بەلام دانیشتوانی ئەم شارە لە سەرەتای ترین مافەكانیان بەهرمەندنەبن. بەلام دەبینین كە ئەمرۆ هاتنەمەیدانی خەڵكی ئەو شارە لەلایەن ئاسایشەوە بەزمانی ئاگروئاسن وەلامی ئەزیزانی عمر خاوەریان دایەوە!
تەقەكردن لە ئەزیزانی كیمیابارانی شاری هەلەبجەو لە كەسانێك كە چەندین ساڵە تالاو بەگەرویاندا دادەچوڕێتە خواریٚ وپاش 18 سال گیان لەدەستدانی ئەزیزانیان ئیستە لە پاداشتی ئەو دەریای ناهەمواری و مەئاساتەدا بە تەقەلیكردن و كوشت وكوشتار وەلام بدرێنەوە. بەدلنیای ئەم كردوە قیزەونە بۆ هەموو كەسێكی ئازادیخواز جێگەی ئەوپەڕی ناڕەزایەتی دەبرێنەو ئەم رەوشتە بە كردەوە جارێكی تر سەرلە نۆی قوربانی كردنەوەی شاری هەلەبجەیی شەهیدە !
ئەم كردەوەیە كە زیاتر لە هەرشتێك بە داب ونەریت و ڕەوشتی بەعسەوە نزیكە، هیچ بەهانەیەك ناتوانێت پاساوبیت بۆ دژی ئینسانی بوون ودەڕندەبوونی، هیچ بەهانەیەك ناتوانیٚ سەردەرزیەك پاساو بۆ شەرعیەت پیٚدان بەهەر بەهانەو پاساویكی ڕەزیلانە.
لاوان وخەلكی بەگیان هاتووی ئەم شارە چەند ڕۆژ پێشتر بیروڕای گشتی ودەزگاكانی دەستەلاتیان لەم خۆپشاندانە ئاگادار كردەوەو هەر چەند ڕۆژ پیشتر لیستی خواست وداواكاریەكانیان راگەیاند .
ئەوەی كە دەبێت ئەمرۆ بەرەی ئازادیخوازان پیٚ ی لەسەر دابگرن و دەستەلاتی لەبەرامبەردا ناچار بكەن بە ملدان ، جیاواز لەدووپات كردنەوەی یەك بەیەكی داواكاریەكانی خەڵكی ئەم شارە هەروەها دەبێت هەموو ئەو كاربەدەست و لپیسراوە حزب و “ حكومەتی “یانەی ناوچەكە دادگایی بكرێن و بەتووندترین شێوە سزایان بدرێت. پیویستە دەست بەجیٚ هەموو زەرەرو زیانەكانی خەلكی ئەم شارە وقوربانیانی ئەم كارەساتە قەرەبوو بكریتەوە. سەرئەنجام دەبێت بۆ راپەراندنی كاروبارەكانی خەڵكی ئەم شارەو بەهرمەندبوونیان لە بەشێك لەو سەرمایە فراوان و میلیاردیەی كە سالانە لەلایەن ناوەندو حكومەت و لایەنە جیهانی یەكانەوە دڕژێنە ناو ئەو بانكانەوە بە بەناوی كۆمەك بە شاری هەلەبجەوە پیكهینراوە، بەكردەوە خەڵكی ئەم شارەی لیٚ بەهرمەند بكریت. ئەویش لەڕێگە هەلبژاردنی لیژنەیەكی سەرپەشتیار لە نوینەرانی راستەخۆی خەلك بۆ سەرپەشتی كردن و بەسەر كردنەوەی هەر پرۆژەو پرۆتۆكۆلیك كە بەناوی شاری هەلەبجە پیكدیت. خەڵكی ئەم شارە مافی ڕەوای خۆیانە كە ڕێگەی دەخالەت و ئیرادەی ڕاستەخۆی خۆیانەوە لە ژیانێكی ئینسانی تر بەهرەمەندبن .
ئیستە ئیتر كاتی ئەوە هاتووە بۆ ریگرتن لە كوشت و كوشتاری لەمە زیاتری خەلكی هەلەبجەو بۆ بەهرمەندكردنیان لە ژیانیكی باشتر هەموو بەرەی ئازادیخوازان دەنگی نارەزایەتی یان یەك بخەن و پیٚ لەسەر ماف وداواكاریەكانی خەلكی هەلەبجەیی شەهید دابگرن، تەنها ڕێگەی كاریگەرو كار ساز ئەوەیە كە بە شیوەیەكی ڕێكخراو یەكگرتووانە بۆ داكۆكی كردن لەماف و داواكاریەكانی خەلكی هەلەبجەیی شەهید بینە مەیدان و ڕێگە نەدەین بە هیچ حزب ولایەن و دەستەلاتیك كە جاریكی تر عمری خاوەر بەسەر لاشەی جگەر گۆشەكەیدا شۆربكاتەوە، ئەمە كارو هەلویستی كەسانێكە كە خۆیان لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی خەلكی ئەو شارەی كە بەعس وێرانی كرد بە بەرپرس دەزانن !

بەهادین حاجی بەكر دارتاش ناسراو بە ( ڕیبوار عارف )
2006 / 3 / 16